KCCRC
Terrorism & Security Studies TSS

# پرسی ڕازیبوون بە پێگەکەی:
# ئایا ئەمەریکا زۆر نیگەرانە لەبارەی هەڕەشەکانەوە؟



١٤١ | زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Terrorism & Security Studies TSS

# پرسی ڕازیبوون بە پێگەکەی: ئایا ئەمەریکا زۆر نیگەرانە لەبارەی هەڕەشەکانەوە؟

تانیشا فەزاڵ

و/ کارزان عومەر

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٤١

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# پرسی ڕازیبوون بە پێگەکەی: ئایا ئەمەریکا زۆر نیگەرانە لەبارەی هەڕەشەکانەوە؟

تانیشا فەزاڵ

وەک چۆن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا «جۆو بایدن» دەیەوێت ڕۆڵی سەرکردایەتیکردن بۆ وڵاتەکەی بگەڕێنێتەوە لەسەر ئاستی شانۆی جیهانی، پرسیارە گرنگەکە خۆی پیشاندەدات کەوا چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێویستە وەڵامی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان بداتەوە کە بەردەوام لە فراوان بوون و زیادبووندان. لەدواهەمین کتێبی خۆیدا، پرۆفیسۆری بواری زانستە سیاسییەکان جۆن مۆلەر John Mueller پێشنیاری وەڵامێکی نوێ و ڕاستەوخۆ دەکات: پێویست ناکات واشنتۆن ئامانجی بریتی بێت لە گۆڕان لەپێگەکەی لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، بەڵکو لەبری ئەوە بەو پێگەیەی کە ئێستا هەیەتی لەسەر ئاستی سیستمی نێودەوڵەتی ڕازی بێت. مۆلەر تایبەتمەندی ئەم دۆخە لەوەدا دەبینێتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان کە پێویستی بە ستراتیژیەتێکە کەمترین هەوڵی پێویستە بۆ پارێزگاری کردن لە ئاسایشی نیشتمانی وڵاتەکە. گریمانەکەی مۆلەر لەسەر دوو بانگەشە ڕاوەستاوە: یەکەم، ئەوەیە کە بەرپاکردنی جەنگە زۆرەکان لەلایەن واشنتۆنەوە بەرەو کەمبوونەوە دەچن، نەوەک بەتەنها ئەوەی کە جەنگەکان ئیتر بەکەمی ڕوودەدەن، بەڵکو بیرۆکەی هەڵگیرساندنی جەنگە گەورەکان بەشێوەیەکی زۆر بەرەو کەمبوونەوە چوون. دووەم، بریتییە لەوەی کە دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وانیشان دەدات کە بەردەوام ڕووبەڕووی مەترسی، یان هەڕەشەکان دەبێتەوە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ، بەشێوەیەک کە ئەم هەڕەشانە پاساوێک بووە بەدەست کاربەدەستانی واشنتۆنەوە بۆ ئەنجامدانی دەستوەردانە سەربازییەکان لەدەرەوەی سنوورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە بەزۆریش ئەم دەستوەردانە سەربازییانە دەرئەنجامی خوازراوی لێنەکەوتووەتەوە.

لەبەرئەوەی کە ئەمەریکییەکان کەمتر ڕووبەڕووی هەڕەشەکان دەبنەوە بەراورد بەوەی کە بیری لێدەکەنەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێویستە دامەزراوەی سەربازی و سوپاکەی بچوکتر بکاتەوە. مۆلەر توێژەرێکی ڕەسەنە، کەسێکە کە بەزۆری دەبێتە مایەی تووڕەبوونی ئەمەریکییەکان. ئەو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە پێشبینی کردبوو جەنگەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچن لە ئایندەدا، هەروەها پێشبینی ئەوەی کردبوو کە هەڕەشەکانی سەر ئەمەریکا لەلایەن گرووپە پەڕگیر و تیرۆریستییەکان، هێرشە ئەلیکترۆنییەکان و تەنانەت هەڕەشەی جەنگە ئەتۆمییەکان بەرەو کەمبوونەوە چوون. ئەم کتێبەی ئەمدواییەی کورتکراوەی چەندین ساڵە لە کارکردن و کۆکردنەوەی چەندین بەڵگەی مێژوویە سەبارەت بە زنجیرەیەک لە کردەوەی هەڵە و نادروست لەدەرەوەی سنوورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا- لەجەنگی ڤێتنامەوە تاکو داگیرکردنی عێراق- کەوا بوونەتە هۆکاری گەورەتربوون لیستی تۆمەتەکان دژی ئەمەریکا لە هەڵگیرساندنی جەنگەکان و سیاسەتی دەستوەردانە دەرەکییەکان لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەند و شارەزای کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گفتوگۆی ئەوە دەکەن، کە چی تر پێویست نییە ئەمەریکا بیر لە پارێزگاریکردن لە هەژموونی جیهانی خۆی بکاتەوە تەنها لەبەر خاتری بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەو واتایەی چی دیکە پێویستە ناکات کە ئەمەریکا لەگەڵ هەستکردن بە هەر جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک، ڕاستەوخۆ سوپای وڵاتەکەی بخاتە دۆخی جەنگ و دەستوەردانی دەرەکییەوە. مۆلەر گەیشتووەتە دەرئەنجامێکی هاوشێوە، بەڵام لەڕێچکەی جیاوازەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەدوای ساڵی ١٩٤٥، سیاسەتی دەرەکی واشنتۆن بەوە ناسراوەتەوە کە تەنها بریتی بووە لە ئەنجامدانی کردەوەی دەستوەردانی سەربازی ناپێویست «کە بەزۆری شکستخواردووبوون لە بەدیهێنانی دەرئەنجامە خوازراوەکان، هاوکات تێچووەکانیش زۆر زۆربوون». کتێبەکەی مۆلەر بریتییە لە ڕەخنەکردنی بیرکردنەوەی باو و کلاسیکی نێو چینی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ڕەخنەگرتن لە دامەزراوەکانی توێژینەوە و نووسین و بیرکردنەوە. بەڵام ئامانجە خێرا و دیاریکراوەکانی ئەو ڕاستەوخۆ لە کتێبەکەیدا نابینرێت، یاخود ڕوون نییە، بۆ نموونە کێ پێیوایە کە جەنگ کردەوەیەکی هۆشمەندانەی عاقڵانەیە؟ لەکاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەنیازی کۆتاییهێنانە بە جەنگەکەی لە ئەفغانستان و کۆتاییهێنان بە ناردنی هەزاران چەکداری وڵاتەکەی بۆ سەرزەمینی وڵاتانی دیکە، لە نموونەی سووریا. توێژەرێکی زۆر شیکردنەوەی ئەوە دەکەن، یاخود داوای ئەوە دەکەن کە وڵاتەکەیان دەستوەردانی سەربازی زیاتر بکات لەڕێگەی بڵاوەپێکردنی سوپای وڵاتەکەیان لە ناوچە و شوێنە جیاوازەکانی دیکەی جیهان. لە دۆخێکی لەم شێوەیەی ئێستادا، گفتوگۆکان لەبارەی داڕشتنی ستراتیژیەتێکی باڵا لەلایەن ئەو کەسایەتیانەوە کۆنترۆڵکراون کە شک و گومانێکی زۆریان لە تواناکان و ئەگەری بەردەوامێتی سیستمی نێودەوڵەتی لیبراڵیزمی جیهانی هەیە کە بەردەوام داوای دانانی سنووریان کردووە بۆ دەستوەردانە سەربازییە مرۆییەکانی وڵاتەکەیان لەدەرەوەی سنوورەکان. هیچ کام لەو دوو بیروبۆچوونە دژایەتی ناکەن لەگەڵ گریمانە بنەڕەتییەکانی مۆلەر. بۆ لایەنگرانی سیستمی جیهانی کە بەگوێرەی یاسا

> **هەموو ئەمەریکییەك بڕوای بەوە هەیە کە پێویستە پارێزگاریکردن لە دیموکراسیەتی ئەمەریکی لە سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەدا ئەوپەڕی بایەخی پێبدرێت**

و ڕێسا دیاریکراوەکان بڕوات بەڕێوە، سوپایەکی بەهێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بایەخی کەمترە بەراورد بە کاری دیپلۆماسی، بواری ئابووری و هەروەها دامەزراوە جیهانییە فرەمەبەستەکانی وەک ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان. سیاسەتی دەرەکی خوازراو لای مۆلەر لەگەڵ ئەو پێشنیار و ئەولەویەتانە یەکدەگرێتەوە تاکو ئەوکاتەی کە وڵاتەکەی بیر لە بەکارهێنانی سوپا و دەستوەردانی سەربازی ناکاتەوە- هەرچەندە ئەو لایەنگری لە ئەنجامدانی دەستوەردانی مرۆیی دەکاتەوە، پێیوایە کە سوپای وڵاتەکەی دەکرێت دەستوەردانی دەرەکی بکات لەچوارچێوەی برگە و یاسا و داواکارییەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەویش بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان و کۆتاییهێنان

بە خوێنڕێژی لەهەرشوێنێکی جیهان، بەڵام بابەتەکە بریتییە لەوەی کە ئەمجۆرە دەستوەردانانەش بەرەو کەمبوونەوە دەچن لەبەرئەوەی کە پشتیوانیەکی بەهێزی ناوخۆییان نییە. لەبەرئەوە، ئەگەر سیستەمێکی جیهانی پاڵپشت بە ڕێسا و یاساکان کە ئەمەریکا ڕابەرایەتی دەکات لەگەڵ دەستوەردانەکان ئامانجی بنەڕەتی نەبن لەلای مۆلەر، کەواتە ئەی ئەم کردەوانە خوازراوی کێن؟ یەکێک لەئەگەرەکان بریتییە لەو توێژەر و بیریارانەی کە پێیانوایە سوپای ئەمەریکا و بەهێزی ئەم سوپایە سەرچاوەی ئاشتی

> **ئەمەریکا پێویستە سوپاکەی کەمبکاتەوە و دژایەتی ئەو بۆچوونانە بکات کە دەیانەوێت سوپا و سەرباز بەشێکی گرنگی نێو سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکە بێت**

جیهانییە بەدیاریکراوی لە ٧٥ ساڵی ڕابردوودا. مۆلەر وەک سەرچاوەیەک گەڕاوەتەوە بۆ مێژوونووس و لێکۆلەری بواری سیاسەتی دەرەوە «ڕۆبێرت کاگان» لەگەڵ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکی «جاک سولیڤان». بەڵام ئەگەر ئامانجەکانی مۆلەر بریتی بوو بێت لە ڕازی کردنی خاوەنی بیروبۆچوونە دژەکان، یاخود بە ناونیشانی کتێبەکەی پلاری گرتبێتە ئەوان و پاشان بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز ئاماژەی بە بۆچوونەکانی ئەوان کردبێت لەکتێبەکەیدا، ئەوا ئەم ڕەفتارە شیاو نییە و نابێتە ڕێچکەیەکی سەرکەوتوو، شایستەی گرنگی پێدان نابێت. وادیارە لایەنگرانی مۆلەر هاورێ ڕەخنەگرەکانی بن، بەشداریکردنی ئەویش لە گفتوگۆکان هۆکارەکەی لۆژیکێکی دیاریکراوی کۆنترۆڵکردنی خودە. ئەوەی کە جێگەی ئاماژەیە، هەڵەی گەورەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دیدگای مۆلەرەوە، بریتی نییە لە فراوانخوازییەکی لەرادەبەدەر وڵاتەکەی، بەڵکو زۆرتر بەهۆی گەورەکردنی لەرادەبەدەری هەرشەکانەوەیە. بۆ نموونە، ئەمەریکا پێویستە لەڕووی ئابوورییەوە بڕی تێچووەکانی زۆر کەم بکاتەوە نەک بەهۆی کاریگەری گەشەسەندنی خێرای دەوڵەتی چین، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە جەنگی زلهێزەکان چیتر بواری گەڕانەوەی نییە. جیهان بووەتە شوێنێکی پارێزراوتری بەرفراوان، بەلایەنی کەمەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ڕێنمایی مۆلەر دواجار بریتییە لەم تێگەیشتنە: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێویستە خۆی هێوربکاتەوە. واتا چیتر واشنتۆن پێویست ناکات نیگەرانی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی بێت.

### ئایا ڕۆژانی هەڵگیرساندنی جەنگەکان بەرەو زیادبوونن؟

بەشی هەرە زۆری بانگەشەکەی مۆلەر لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە کە جەنگەکان ڕوو لەکەمبوونن-بەواتای ئەوەی کە کۆی تەواوی جەنگەکان و مەیدانەکانی جەنگ و زیانە گیانییەکان کەمیان کردووە لە پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە. هەرچەندە ئەو ڕاستە لەوەدا کە ئەم بیرکردنەوەیە لە چوارچێوەی بازنە سیاسییەکەدا پشتیوانی دەکرێت، بەڵام دەرئەنجامەکانی بەهۆی پێناسەکردنێکی بەرتەسک بۆ جەنگ ڕووبەڕووی ناڕوونی و سەرلێشێواندن بووەتەوە. مۆلەر زیاتر گرنگی و بایەخی داوە بە جەنگەکانی نێوان دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ یابان. بەڵام جەنگ یاخود هەرشێکی نزیک لە جەنگ، بەردەوامی هەیە لەنێوان پاکستان و هیندستان،

ڕووسیا و ئۆکرانیا، هەروەها سعودیەی عەرەبی و ئێران. ئەنانەت ئەوەی کە هۆکاری سەرلێشێواندنە برینییە لە تێگەیشتن و بایەخپێدانەکانی مۆلەر بە ململانێ نێودەوڵەتییەکان. ئەو لە شیکردنەوەکانیدا گرنگی نەداوە بە جەنگە ناوخۆییەکان، ئەنانەت ئەو جەنگە ناوخۆییانەی کە لەپاش ساڵی ١٩٤٥ و دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەڕووی ژمارەوە زۆرترین جەنگ بوون بەراورد بە جەنگی نێوان دوو دەوڵەت. گفتوگۆ و ئارگیومێنتی تایبەت بە کەمبوونەوەی جەنگەکان لەدەوروبەری ساڵی ٢٠١١ بەرەو کاڵبوونەوە و لاوازی ڕۆیشت، دوابەدوای بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێک لەنموونەی» فریشتە باشترەکانی سروشتی ئێمە«، لەلایەن دەروونناس و توێژەر «سنیڤن پینکەر». لەکاتێکدا بە پێچەوانەوە بە گوێرەی پرۆگرامی داتاکانی تایبەت بە ململانێی سەر بە ناوەندی ئۆپسالا، ژمارەی ململانێ بەردەوامەکان لەدەوروبەری هەمان ساڵدا بەرەو زیادبوون چوون. سەرەڕای پێچەوانەی ئەم تێگەیشتنە- کەمبوونەوەی جەنگەکان- بەڵام هێشتا ئێزەکە، یاخود تێگەیشتن بۆ گریمانەی «کەمبوونەوەی جەنگەکان» جێگەی بایەخە و کاریگەری خۆی لەدەستنەداوە. کێشەیەکی تر کە هەیە برینییە لەوەی کە ئەو زانیاری و داتایانەی کە مۆلەر و ئەوانی دیکەش بەکاریانهێناوە شێوێندراون. بۆ نموونە داتاکان بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی مردووەکان لەمەیدانەکانی جەنگدا داخڵ دەکەن. بۆ ئەوەی کە ململانێیەک وەک جەنگ هەژماری بۆ بکرێت و بناسێنرێت پێویستە بەلایەنی کەمەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرباز لە مەیدانی جەنگدا گیان لەدەست بدەن. بەڵام لەهەمان ماوەدا کە گریمانەی کەمبوونەوەی جەنگەکانی تیادا کراوە، گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بەرچاو بەدیهاتوون لەڕووی پزیشکی سەربازییەوە کە هۆکاربووە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی قوربانییەکانی جەنگ. ئەم وەرچەرخانە مێژووییە هۆکار بووە بۆ ئەوەی کە هەر ڕووداوێک ڕوویدا ڕاستەوخۆ وەک جەنگ مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، ژمارەی قوربانیەکانیش هەرچەندێک بن.

ئەم زانیاریانەش بانگەشە و گریمانەکەی مۆلەر لاواز دەکات، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مێژوویەکی دوورودرێژی لە قوربانیدان هەیە لەڕووی ژمارەی سەربازەوە، چونکە بەشێوەیەکی ڕێژەیی، خەڵکی بەگشتی جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ ئێچوونە مرۆیی و ئابوورییەکانی قوربانییەکانی جەنگەکان. مۆلەر بیرۆکەکەی خۆی لەبارەی کەمبوونەوەی ژمارەی جەنگەکان دەبەستێتەوە بەو بیرۆکەیەی کە جەنگ لە بیر و هزری ئەمەریکییەکاندا بووتەوە بابەتێکی نەخوازراو و بەسەرچوو. ئەو ڕاپرسییە جەماوەرییانەی کە مۆلەر ئاماژەی بۆ کردوون بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بیرکردنەوەی هاوڵاتیانی ئەمەریکی نیشان نادەن، بەڵام گەشەکردنی ڕقلێبوونەوەیەکی زۆری جەنگە نێودەوڵەتییەکان و بەگەمژەزانینیان پاساوێکی دیکە دەدات بە دەستەوە سەبارەت بەوە کە بۆچی واشنتۆن پێویستە سیاسەتێکی دەرەکی خۆکۆنترۆڵ کردن، یاخود خۆپارێزی پەسەند بکات. بەڵام ئەگەر ئەمەریکییەکان پێیانوابێت کەوا ئیتر دیاردەی هەڵگیرساندنی جەنگەکان بووە بەشێک لەڕابردوو و بەسەرچوو، هەروەها ڕایگشتی بەگرنگییەوە لە سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەیان بڕوانن، کەوایە بۆچی قۆناغی پاش جەنگی دووەمی جیهانی بە سەردەمی دەستوەردانە سەربازییەکان و سەرکەشییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەناسرێتەوە؟ یەکێک لەوەڵامە سادەکان برینییە لەوەی کە گریمانەکەی مۆلەر هەڵەیە: هاوڵاتیانی ئەمەریکی پێیانوانییە کە چیتر جەنگەکان بەسەرچوون. وەڵامێکی دیکە برینییە لەوەی کە پیشەسازی بەرگری لەلایەن سوپایەکی بەهێزی ئەمەریکییەوە خزمەت دەکرێت کە پاڵپشتی لە سیاسەتی دەستوەردانی دەرەکی دەکات. ئەندامانی کۆنگرێس نیگەرانن لەبارەی داخستنی بنکە سەربازییەکان، ئەو کۆمپانیایانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەتی بەرگری کردووە داوای گەرەنتی فرۆشتنەکانیان دەکەن بە پنتاگۆن، هەروەها سوپاش نیگەرانی ئەوەیە کە توانا و

لێهاتووییەکەی بەرەو داڕووخان بڕوات ئەگەر ئەوەی لەبەردەستیدایە بەکاری نەهێنێت. هەروەک پسپۆڕی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان «ئێلیزابێس ساندەرس» و ئەوانی دیکەش پێیانوایە کە چینی بژاردە ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی ڕایگشتی لەسەر سیاسەتی دەرەکی، زیاتر لە هەر میکانیزمێکی دیکە. مۆلەر ئەم تێگەیشتنەی پێ پەسەند نییە، ئەمەش بابەتێکە جێگەی سەرسووڕمانە چونکە یارمەتیدەرە لە شیکردنەوەی هۆکاری ئەوەی بۆچی بیروباوەڕێکی گشتی بەربڵاو لەبارەی بەسەرچوونی دیاردەی جەنگ بەشێوەیەکی کاریگەر نەبووەتە هۆکاری پاڵپشتی کردن لە سیاسەتی ڕێگری کردن لە هەڵگیرساندنی جەنگ. پێدەچێت گەورەترین پرسیار کە وەڵام نەدراوەتەوە لە کتێبەکەی مۆلەردا» بیرکۆڵی لە جەنگەکاندا» برینییە لەوەی کە چ شتێک بۆ مۆڵەر و پێگەکەی جێگەی بایەخە و ئەگەری لەدەستدانی هەیە. تیۆرەکان تەنها کار لەسەر گەشەسەندنی ستراتیژیەتەکان ناکەن. ستراتیژیەتەکان پێویستە خزمەتی ئامانجەکان بکەن، لەکاتێکدا ئامانجەکانی مۆلەر تێگەیشتنیان ئاسان نییە. ئایا ئامانجی مۆلەر برینییە لە خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی ژیانی ئەمەریکییەکان؟ بە ڕێگری کردن لە توندوتیژییە جیهانییەکان، هەروەک چۆن خواستی ئەو لەسەر دەستوەردانە مرۆییەکان جەخت لەسەر پێشنیارێکی لەو شێوەیە دەکەنەوە؟ یان پارێزگاری کردنە لە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا؟ ئەگەر وایە، کامانەن ئەو بەرژەوەندیانەی کە مۆلەر جەختی لەسەر کردوونەتەوە؟ لەڕاستیدا مۆلەر لەبارەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە تەواو بێدەنگە.

### گەڕان بەدوای ڕۆحی دیموکراسیەتدا

لەگەڵ ئەوەی کە مۆلەر بەتەواوی ئاماژەی پێنەکردووە- بەڵام بەنزیکی هەموو ئەمەریکییەک بڕوای بەوە هەیە کە پێویستە پارێزگاریکردن لە دیموکراسیەتی ئەمەریکی لە سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەدا ئەوپەڕی بایەخی پێبدرێت. ئەو دەرئەنجامەی مۆلەر پێیگەیشتووە ڕاستە: لەئێستادا بەلایەنی کەمەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێویستە سوپاکەی کەمبکاتەوە و دژایەتی ئەو بۆچوونانە بکات کە دەیانەوێت سوپا و سەرباز بەشێکی گرنگی نێو سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکە بێت. پێویستە واشنتۆن ئەو کارە بکات، نەک لەبەرئەوەی کە جەنگەکان، یاخود هەڕەشەکان بەرەو کەمبوونەوە چوون، هەرچەندە مۆلەر زۆرتر جەختی لەسەر کەمبوونەوەی هەڕەشەکان کردووەتەوە. لەبری ئەوە ڕێگرییە کاتییەکان جێگەی بایەخن، چونکە سیاسەتە ناوخۆییەکانی ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا داخوازە کە وڵاتەکە زۆرتر گرنگی بە سیاسەتە ناوخۆییەکان بدات. لەنێوان ئەو هەڕەشانەی کە مۆلەر زیاد لە قەبارەی خۆیان گەورەی کردوون برینییە لە مەترسییەکانی چین، ئێران و ڕووسیا. ئەم دەوڵەتانە و ڕژێمەکانیان بەگوێرەی بۆچوونی مۆلەر سەرئەنجام دەڕووخێن، وەک چۆن یەکێتی سۆڤێتیش هەڵوەشایەوە و ڕووخا لە ساڵی ١٩٩١. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەپێچەوانەوە، بە بەهێزییەوە دەمێنێتەوە. تەنانەت مامەڵە و ئیدارەکردنێکی لاوازی واشنتۆن لە بابەتی هەڕەشە و مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبووەتە هۆکاری شکست، یاخود پاشەکشە بە هێزی ئەمەریکا، مۆلەر دەڵێت: وڵاتەکە زۆر بەهێزە، تەنانەت خۆشی ناتوانێت خۆی لەناوبەرێت. دوابەدوای هێرشەکانی ٦ی مانگی یەکی ئەم ساڵ بۆ سەر بینای ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا، ئەم بانگەشەیەی مۆلەر زۆر کەمتر جێگەی ڕەزامەندی بوو بەراورد بە ساڵێک بەر لەئێستا. هەوڵە بەردەوامەکان بۆ بە دروستکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی دەنگدان، نایەکسانییەکی قوڵی بونیادی، جەمسەربەندیەکی زۆر و نەبوونی تێگەیشتنێکی گشتی لەبارەی ڕاستییەکانەوە

هەڕەشەیەکی مەترسیداریان دروستکردووە. هەروەک پسپۆڕی بواری زانستی سیاسی» ڕەیچێڵ موریک» لە گۆڤاری Foreign Affairs» ئاماژەی بۆ کردووە کە جەمسەربەندییەکی زۆری ناوخۆیی بووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی متمانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاستی دەرەوەی دەوڵەتەکە. کاتێک کە دامەزراوەکانی دروستکردنی سیاسەتی ناوخۆیی لە هەوڵ و کۆششدان، کارێکی گرانە کەوا بزانرێت ئەولویەتەکانی سیاسەتی دەرەوە جەخت لەسەر چ جۆرە ستراتیژیەتێکی باڵا بکەنەوە.

**دووبارە سوودبینینەوە لە کات و پارە بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە دیموکراسیەتی ئەمەریکی جوڵەیەکی زیرەکانەیە**

سیاسەتی دەرەکی ئەمەریکا پارمەتیدەر بووە لە پشتیوانیکردنی بەشێک لەو نیگەرانیانەی کە لەسەر ئاستە ناوخۆییەکە هەبوون. سوپا هەردەم ئامڕازێک بووە لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هەر کاتێک ئەرکێکی پێسپێدرابێت بە باشترین شێوە جێبەجێی کردووە. بەردەوام بیرکردنەوەی هاوڵاتیانی ئەمەریکی لە سوپای وڵاتەکەیان پێویستە کۆتایی پێبهێنرێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە ڕەنگدانەوەی لەسەر کاروبارە ناوخۆییەکان دەبێت. بۆ نموونە بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی دەیان و سەدان کەس لە خۆپیشاندەران بە گازی فرمێسک ڕێژ لەلایەن پۆلیسەوە لە چەندین شار و شارۆچکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کێشەی کوشتنی «جۆرج فلۆید» لەسەر دەستی ئەفسەرێکی پۆلیس لە مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٢٠.

سەرچاوەکانی هێزی ئەمەریکا زۆرن، لەبەرئەوە سەرلەنوێ دارشتنەوەی چۆنێتی خەرجییەکان و سوود بینین لەکات بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە دیموکراسیەتی ئەمەریکا جوڵەیەکی زیرەکانەی هۆشمەندانەیە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاتێکی زۆر و خەرجییەکی زۆری لە بواری بەرگریدا هەبووە، وەک چۆن لە کەرتەکانی ژینگە و پەروەردەدا هەیبووە. بەڵام بە پاساوی پارێزگاری کردن لە پرەنسیپە دەستوورییەکان و پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی گرووپە توندڕەوەکان، پێویستە ئەوە ڕوون بێت کە سوپای

> **سوپای ئەمەریکا ناتوانێت پارێزگاری لە دیموکراسیەتی وڵاتەکە بکات دژی ئەو هەڕەشانەی کە لەناوخۆوە ڕووبەڕووی حکومەتی ئەمەریکی دەبێتەوە**

ئەمەریکا ناتوانێت پارێزگاری لە دیموکراسیەتی وڵاتەکە بکات دژی ئەو هەڕەشانەی کە لەناوخۆوە ڕووبەڕووی حکومەتی ئەمەریکی دەبێتەوە. ئەمەش واتای ئەوە نییە کە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە چەک دابماڵدرێت، هەروەکو مۆڵەر بانگەشەی بۆ دەکات. ئەگەر ئەمەریکا بەشێوازە دروستەکە کەشتیە ناوخۆییەکە بجوڵێنێت، ئەوکات سوپای وڵاتەکە دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لەبەهێزکردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، وەڵامی توندوتیژییەکان بداتەوە و ڕووبەڕووی مەترسیەکانی تێکچوونی ژینگەی زەوی ببێتەوە. سوپایەکی بەهێزی ئەمەریکی باشتر دەتوانێت ئەو ئامانجانە بپارێزێت لەڕێگەی دابینکردنی پشتیوانی سەربازی لەگەڵ هەندێک پاڵپشتی دیکە بۆ هەوڵە

ئاشتی پارێزییەکان، هەروەها لەڕێگەی وەڵامدانەوەی خێرا بۆ هەڕەشە و مەترسیەکان کە بەشێوەیەکی کۆنترۆڵ نەکراو ڕووبەڕووی ئاوهەوای زەوی بوونەتەوە. هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە تۆمارەکانی واشنتۆن لە ڕووبەڕووبونەوەی مەترسیەکانی تیرۆر و گرووپە تیرۆریستییەکان ئارادەیەک سەرکەوتوو بووە، سوپای ئەمەریکا تۆمارێکی سەرکەوتووانەی هەیە لە بەهاناوەچوونی کارەساتە سروشتیەکان و یارمەتیە مرۆییەکان، ئەم جۆرە ئەرکانە لەدەرەوەی سنوورەکان هۆکارن بۆ دروستکردنی متمانە بە سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەلایەن گەل و نەتەوەی دیکەوە. هەروەکو مۆلەر ئاماژەی بۆ دەکات، ڕێگری کردن لە بەکارهێنانی سوپا بۆخۆی جۆرێکە لە موجازەفە کردن، دواجار، هەندێک لە هەڕەشە نێودەوڵەتییەکان لەخۆڕا قەبارەیان گەورە نەکراوە. بۆ نموونە، بەهۆی گۆڕانکاری کەشوهەواوە، بارودۆخی ململانێ لە ناوچە بەستەڵەکیەکانی نیوەگۆی باکووری زەوی- لەوانەشە لەهەندێک شوێنی دیکە بەهۆی دیاردەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی زەویەوە کاریگەربوون- ئەم ململانێیانە ئەمڕۆکە ئەگەری گەورەتربوونیان زیاترە بەراورد بە بیست ساڵ لەمەوبەر. بەڵام بوونی سوپایەکی بەهێز نیشانەی ئەوە نییە کە دەتوانێت ئەم کێشە جیهانییە چارەسەر بکات، هەروەها بەهای سوپایەکی بەهێز دەبێتە جێگای پرسیار ئەگەر ئەم بەهێزیە لەسەر حسابی دامەزراوە مەدەنییەکان بێت. هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهانی بەگومانەوە تەماشای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەن کە دامەزراوە ناوخۆییەکانی دڵنیانین لە چۆنێتی پارێزگاریکردن لە سیستمی دیموکراسی وڵاتەکە. جەختکردنەوە لەسەر گەڕانەوە و هەروەها پاراستنی دیموکراسیەتی ئەمەریکی لەسەر ئاستی شانۆی جیهانی زۆرتر دەتوانێت پارێزگاری لە پێگەی جیهانی ئەمەریکا بکات بەراورد بە دروستکردنی سوپایەکی ئەمەریکی بەهێزتر بەتەنها.

**سەرچاوە: Foreign Affairs**

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS